# گەشتێكی بیرەوەرییەكانی دارتوویەكی سەرڕووتاوەی باخی گشتی

كامل محەمەد قەرەداغی *
kmqster@gmail.com

من دارتوویەكی سەر ڕووتاوەی سووچی یەكێكی چیمەنە گەورەكانی باخی گشتیم. تەمەنم زۆرە و لەگەڵ ڕۆژگارەكانی ئەم شارەدا زۆرم گوزەراندووە و چەندجار تەپوتۆزی ئەو شەقامانە قوڕگی گرتووم, چەندجار لە ریزی خەڵكەكەیدا كەوتومەتە بەر پەلامار.

مێژووی من و ئەم شارە دوو مێژووی تێكەڵن, شەتڵێكی بچووكی تازە هەڵكشاو بووم, جوتیارێكی هەژاری شارباژێڕی كە بە ماڵ و منداڵەوە ڕووی لە سلێمانی كرد, لە گوێ چەمێكی ئەوێوە منیشی هەڵكێشاو لەگەڵ خۆیدا هێنامی.

ئەو كاتەی مامۆستا بێكەس بە گرژی بەڕووی ئەدمۆنزدا تەقییەوە من پەلێكی تازەی گەش و گەڵاسەوزی وردبووم, لەخۆشییاندا دەتریقامەوە. ئەو سەردەمە منیش لە مامەیارە بووم.

خەڵكی ئێرە دەڵێن بیری منالی تیژە. ئەوەشم لەیادناچێتەوە,عەولە سیس و گەنجانی تری هاوڕێی لەو گۆڕەپانی سەرایەدا بە سنگی ڕووتەوە, بە كەواوسەڵتە سیمدارەكانی بەریانەوە بەگژ ئەو ڕەشاشەی سەر بیناكەی سەرادا دەچوونەوە, ئەویش بێ كۆ كردنەوە شاتەی دەهات و ڕێژنەی گوولەی بە ناو هەموویاندا دەپرژاند.

دەزانیت؟ دەكرێ ئەو ڕەوشانە مرۆڤ تووشی ڕەشبینییەكی ڕەگاژۆ بكەن. لە بیرەوەریی باوكیشما ئەوەندی كە ئاوەزم كردبۆوە, ئەو بۆی باس دەكردم, كە ئەو خۆی بە ئەسڵ كانێسكانی بووە, چەندان ساڵ سێبەری بۆ ئاسكەكانی سەر كانیەكەی كانێسكان كردووە, كەچی لەپاش گەڕانەوەی چەكدارەكانی شێخەوە لە شەڕی ئینگلیز هەڵیانبڕیون, ژیانیان لێرە پێنەهێشتوون, بۆیە چوبوونە ئەودیوی چیا.

لە گەنجیما چەندجار ئەوەم بینیوە كاری دامەزراوەی دەوڵەت و دەستەڵات ئەوەبووە خەلكیان بەناو شەقامەكانی ئەم شارەدا بەجێهێشتووە و لەپاشیشیانەوە ریچكەی خوێن جێماوە.

ئەو ڕووداوخانە هەر تەنها لەڕووی سۆزەوە منیشیان ڕاكێشایە ناو قسەوباسەكانەوە, سەیری بڵاوكراوە نهێنییەكانی درێژایی تەمەنی ئەم شارەم كردووە. زۆرجار لێرەوە هەی پێم لێكردووە, چووم بەشداریی مانگرتن و خۆپیشاندانم كردووە, دەنگم هەڵبڕیوە و پاشتر توانیومە بەهەر پەلەپرووزەیەك بێت خۆم بگەیەنمەوە ئێرەی شوێنی وەستانم, چۆن وانەبم!

هەمیشە بۆ دابینبوونی سادەترین شتەكانی پێداویستی, ئێرە پێویستی بەوەهەبوو, دەنگ هەڵبڕێت, بڕژێتە سەر شەقام و هاوار بكات و كەموكووڕییەكانیش هەر وەك خۆیانن, چەندساڵە وایە.

سەردەمی حەرەس قەومییەكان سێ پاسەوان چاویان لێم بوو, لەپاش خۆپیشاندانەكان بەنهێنی بەڕێگایەكی كۆڵانەكانی پشتەوەدا گەڕامەوە ئەم شوێنەی ئێستام, كەچی ئەمن و عەسكەر و دایرەی دارستانیشیان تێگەیاندم كە من شەڕەنگێزم, ناڕازیم, بەشداریی موزاهەرە دەكەم, هەر جل بۆرانە ئێوارەی پاشتر هاتن حوكمێكی عورفییان بەسەردا سەپاندم, بەجلی بۆر و قۆپچە گەورەكانی چاكەتەكانیانەوە هاتن و بەتەور هەوڵیاندا لە بنەوە بمبڕنەوە, ئێستەش شوێنی هەندێكی ئەو دەمە تەورانە ساڕێژنەبوون, دەتوانن بیانبینن.

ئەو ڕۆژگارە ڕۆشت و بەعسییەكان هاتن و پێداویستیی نارەزاییدەربڕین و خۆپیشاندانیش هەر وەكو خۆیان مانەوە, هەر ڕژاینەوە سەر شەقامەكان و داواكانیشمان جێبەجێ نەبوون و لە پاش خۆشمان شەقامی سووری خوێناویی خۆمانمان بەجێهێشت. من كەشف بووم, وەكو گەنجەكانی گەڕەكی خەبات, وەكو قوتابییە تەنزیمەكانی ئامادەیی

ڕۆشنبیر, کەچی بەعسییەکان بۆسزادانم بە تەکنیك تر بوون, ئەوان نە بەتەورەوە بۆم هاتن, بەرگە بۆرەکەشیان لەبەردا نەبوو, بەڵکو زۆڵانە بە بەرگی مەدەنییەوە, بەرگێکی سووچ تیژی ئوتووکراوەوە, بە بۆنی عەترێکی تیژی عەرەبییانەی ناخۆشەوە هاتن و لە قوتوویەکی بچووکدا لەبنەوە, لە نزیکی شوێنی دەمەتەوری حەرەس قەومییەکانەوە هەندێك کیمیاوییان بۆڕشتم و ئەو لایەیان وشك کردم, ئەولا وشکەم تادێ بە لەشمدا پەرە دەسەیێت و لەوانەیە ڕۆژێك منیش وەکو هاوڕێکانی شارەزورم بۆ یەکجاری پاڵ بەمەوە.

من لەم دووابییەوە پڕپڕبووم لە ئومێد, پێم وابوو ئەو خۆرەی کۆتایی زستانی نەوەدو یەك چڵی ووشکم پێوەنەهێڵێت, لەپاش ئەو تەمەنەوە بۆ یەکجاری لە ڕەگەوە نوێ ببمەوە.کەچی زۆری نەبرد, چەك و تەقەمەنی بەسەر زۆری شەقام و ماڵەکاندا دابەشکرا, ئەمانە هەموویان لەناوخۆیاندا دەستیان کرد بە یەکتری کوشتن و دوژمنەکانیش لەدوورەوە پێدەکەنین.

ئێستە چەندساڵ بەسەر ئەو نەوەدو یەکەدا تێپەڕیوون, چەند جار ئەو شەقام و گوزەرانەی شار لە برساندا و لەتینواندا ووشك ووشك بوون و ناسکیی دۆخەکانیان ڕاگرت و هیچیان نەوت, یان باشتر بڵێم هیچیان نەکرد, ناڕەزاییان دەرنەدەبڕی, دەستەڵاتەکە هیی خۆمان بوو.

ئەوە ماوەیەکە بەڕەی ژیان و گوزەران بۆ جارێکی تر لوول دەکرێتەوە بۆ پێچانەوە, لاوەکانم ڕوو لە سنورە پڕمەترسییەکان دەکەنەوە و جێیدەهێڵن. ئەوانەشی دەمێننەوەو دەزانن دەبێ بمێننەوە باس لە هاتنەسەر شەقامێکی تر دەکەن. من بەم ئەزموونەی خۆمەوە کە تەمەنێکم لەگەڵ خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین هەیە, پێموابووە, کەم دەستەڵاتەی ئێستە هیچ نەبێ خۆمانەیە, دواجار من دەمم نایهێنێت بەو نەفەسەی جارانەوە بچمەوە سەرشەقام, چونکە ناتوانم بڵێم بڕووخێ, باشە ئەگەر ئەو بڕووخێنم, بیدەمە دەست کێ؟ من پێموابوو نەچمە سەرشەقام, خۆپیشاندان نەکەم, بەڵام مشکییەکەم بە سەرمەوە بپێچمەوە و ڕووبەڕووی دابنیشم و بڵێم کاکە وەڵاهی وانابێت, دەبێت بجوڵێیت.

من بەسۆزەکەی جارانمەوە مامەوە, نەجولام, کەچی ئاگام لێ نەبوو پەلێکی خۆم بە دزیی منەوە چووبوە سەر شەقامەکە و دەستی ڕاوەشاندبوو, بەردیشی هاویشتبوو. بەداخەوە من هەر لێرەوە چاوم لێبوو, ئەو دەستەڵاتەی دڵم نەهات لێی بێمە دەنگ پڕ شەقامەکەی کرد لە سەربازی چەك بەدەست و خەڵکی سەروچاوپێچراوی بەرگ ڕەشی وێنەدزێو, کە هەرگیز لە بەرهەمی ئەم شارەی من نەدەچوون, من وێنەی ئەوانەم لە ڕۆژنامە بێگانەکاندا دیووە. پێم وابوو نە پێویست بکات خۆپیشاندان بکەم و نە دەستەڵاتێکی وام هەبێت بەرگ ڕەشی وا بۆ خەڵك بێنێتە سەر شەقام, من تووشی شۆك بووم ئازیزان, چونکە هێشتا بیرکردنەوەم لەدڵمەوە تێدەپەڕێ.

ئەمە درێژەی مێژووی ئەم شارەی منە٬ بۆ هەموو شتەکانی دەبێ بڕژێتە سەرشەقام, دەنا کارەکانی بەڕێوەناچن, گەر وابێت و پێویستییەکی ترمان بە چوونە سەرشەقام بێتەوە, منیش مشکییەکەم فڕێ دەدەم, لاوشکەکەم دەبەمەوە ناوەڕاستی ئەو شەقامە.